


# لە موستەقبەلدا

* بێ ئەخلاقەکان پێشبینی ئەکەن لە موستەقبەلدا ئەخلاق ئەوەندە پێش بکەوێت کە ئەگەر ماڵێك شەریف بن ئەهلی گەڕەك مەزبەتەی لێ بکەنەوە .

* ئایدۆلوجیا لە ئایندەدا هێندە ئاسان ئەبێت  کە زەلام بەیانیان لە قاعیدە موحاسیب بێت و عەسران لە کۆبوونەوەی سۆشیال دیموکراتەکانا لە پێشەوە دانیشێت و شەوانیش بۆ زیارەت بچێت بۆ سەر قەبرەکەی مارکس.

* تەصەور ئەکرێت لە ماوەی سێ چوار ساڵی تردا بەجۆرێکی وا پەل و پۆ بهاوێت کە سەرۆکایەتی زانکۆی ئاشەگواوی شەهادەی دکتۆرا بدات لە عیلمی پەڵپینە ووشککردنا .

* لە ئایندەیەکی نزیکدا دیناری عێراقی وا رسوا ئەبێت کە موەزەف ڕۆژی سێ جار مەعاش وەرگرێ و بیلا مانێ هێشتا دەریشی نەهێنێ .

* عیلمی پزیشکی هێندە گەشە ئەکات کە نەخۆش بچێتە لای دکتۆر بلێ دکتورگیان مودەتێکە وەزعی کرۆمۆسۆمی ژمارە 74 م بە دڵ نیە .

# فەرق لە مەعنێن

## بیناسازی

1. هەمووی پێنج شەش ساڵێکە داهاتووە .
2. ئەبێ شارەوانی ڕازی بێت لەسەری .
3. ماستەر پلان و هەزار تروتەشقەڵەی تری ئەوێت .
4. عیلمێکی ڕووت و قووتە .
5. بڕوای بە ڕەسەنایەتی و مەسەنایەتی نییە ، لە ئینتەرنێتەوە دەری بێنەو تەواو.
6. عیلاقەیەکی گەورەی بە دنیای فۆنتەراتەوە هەیە .
7. شەهادەو خولی ڕاهێنانی ئەوێت .
8. بینا سازەگان وەختی خۆی لە یو ئێن بوون .
9. کچ ئەخاتە پرسگەوە .
10. مەفروزە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە بکات .
11. ڕقی دنیای لە هەندەسەی مەدەنی یە .
12. ئەزمرییەکەی لەگەڵ عەمەلییەکەیدا عەرز و عاسمانیان فەرقە .

## حەیران

1. لە زەمانی زەردەشتەوە هەیە .
2. کەس هەقی نیە بەسەرەوە .
3. هەر قسەی قایمە ، هیچی گەرەك نیە .
4. بەهرەیە . ئەگەر خوا نەتداتی ئەوە نیتر هیچ.
5. لە بنی دنیاوە ئەناسرێتەوە کە هی کوردە .
6. ئەبێ عیلاقەیەکی گەرمی لەگەڵ بەشی تەنسیقا هەبێت .
7. دەست بنێرە بنا گوێت و هەقت ئەبێ .
8. قوڕ بەسەرانە بە چایچیش ڕایان نە ئەگرتن .
9. کچ ئەخاتە کلیپەوە .
10. لەوەتەی دنیا دنیایە حەیران هەر یەك شتە .
11. ڕقی دنیای لە جەماعەتی ڕاپە .
12. ئەزمریی نیە ، هەمووی هەر عەمەلییە.